# The role of dark triad traits, impulsivity, sensation seeking on risky decision making among a sample of adolescents

Zana Hasan Babakr [1], Nabi Fatahi [2]
[1] Soran University Psychology department Faculty of arts [2] University of Gothenburg Department of Learning

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2473.23*
*Published: 23/12/2024*

## *Abstract*

*The aim of this study was to explore the role of role of dark triad, impulsivity and sensation seeking of risky decision making. The number of participants who took part in this study were 163, males 75 (46%) and females 88 (54%). The age of participants ranged between 14 to 18 years old. The self-report measure has been used to assess dark triad, impulsivity and sensation seeking, however, the behavioral task named Balloon Analog Risk Task has been used to measure risky decision making among participants. The results indicated that narcissism, psychopathy, sensation seeking and impulsivity positively associated with risky decision making. In addition impulsivity and sensation seeking mediate the relationship between psychopathy and risky decision making, and the similar result found for the association between narcissism and risky decision making. Regarding personality traits, the results found a significant gender differences. This study help researchers to understand the aetiology of risky decision making, particularly which personality traits more strongly predict risk decision making.*

***Keywords:*** *Dark triad, impulsivity, sensation seeking, risky decision making, Balloon Analog Risk Task.*

# ڕۆڵی سێگۆشەی سیما تاریکەکان و سەرەڕۆیی و چێژخوازی لە بڕیاردانی سەرکێشانە لای نمونەیەک لە هەرزەکاران

د. زانا حسن بابکر
زانکۆی سۆران فاکەڵتیی ئاداب بەشی دەرونزانی
zana.babakr@soran.edu.iq

پ.د. نەبی فتاحی
زانکۆی گۆتنبێرگ پەیمانگای زانستی تەندروستی و چاودێری
بەشی فێربوون و سەرکردایەتی بۆ چاودێری تەندروستی

**پوختە**

ئامانج لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی ڕۆڵی سێگۆشە تاریکەکان، سەرەڕۆیی و چێژخوازی لەسەر بڕیاردانی سەرکێشانە. ژمارەی بەشداربووانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە ١٦٣ قوتابی کوڕ و کچی هەرزەکار. ژمارەی کوڕان بریتییە لە ٧٥ (٤٦٪) قوتابی، ئەوانی دیکە، کە ژمارەیان ٨٨ (٥٤٪) قوتابییە، لە ڕەگەزی مێ بوون، تەمەنی بەشداربووەکان لە نێوان ١٤ بۆ ١٨ ساڵ دایە. بۆ پێوانەکردنی سێگۆشە تاریکەکان و سەرەڕۆیی و چێژخوازی، ڕاپۆرتی خودی بەکارهێنراوە. بەڵام بۆ پێوانەکردنی بڕیاردانی سەرکێشانە، ئەرکە پێوانەییە مەترسیکارییەکانی باڵۆن Balloon Analog Risk Task لەسەر بەشداربووان جێبەجێکراوە. بەپێی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە، خودشەیدایی، سایکۆپاتی، چێژخوازی و سەرەڕۆیی پەیوەندی ئەرێنیان لەگەڵ بڕیاردانی سەرکێشانەدا هەیە. هاوکات لەگەڵ ئەمەشدا هەریەک لە سەرەڕۆیی و چێژخوازی ڕۆڵیان لە پەیوەندی نێوان سایکۆپاتی و بڕیاردانی سەرکێشانەدا هەبوو. ئەم ئەنجامە بۆ خودشەیدایی و بڕیاردانی سەرکێشانە، بە هەمان شێوە بووە. لە ڕووی سیماکانەوە، جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی کوڕان و کچان دۆزراوەتەوە. ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە یارمەتیمان دەدەن بۆ ئەوەی زیاتر لە بابەتی بڕیاردانی سەرکێشانە تێبگەین، کە پەیوەندییان بە چ جۆرە سیمایەکی کەسایەتییەوە هەیە، بۆچی خەڵکی لە بڕیارەکانیاندا وەکیەک نین.

**وشە کلیلیەکان:** سێگۆشە تاریکەکان، سەرەڕۆیی، چێژخوازی، بڕیاردانی سەرکێشانە، ئەرکە پێوانەییە مەترسیکارییەکانی باڵۆن.

# ڕۆڵی سێگۆشەی سیما تاریکەکان و سەرەڕۆیی و چێژخوازی لە بڕیاردانی سەرکێشانە لای نمونەیەک لە هەرزەکاران

### ١. پێشەکی

تاکەکان ڕۆژانە جۆرەها ڕەفتاری جیاواز ئەنجام دەدەن، کە هەندێک لەو ڕەفتارانە دەچنە خانەی ڕەفتاری سەرکێشییەوە. بەڵام وەک ئەوەی تێبینی دەکرێت، جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوان خەڵکیدا لەو ڕووەوە بوونی هەیە، ئەمەش بەو مانایە دێت کە خەڵکی لە کاتی بڕیاراداندا بە شێوەیەکی جیاواز بیردەکەنەوە، هۆکاری ئەم جیاوازی بیرکردنەوەیە لەوانەیە پەیوەندی بە کەسایەتی تاکەوە هەبێت. لە پرۆسەی بڕیارداندا تاک لە بەردەم چەند بژاردەیەکدا، کە لەسەر بنەمای کۆمەڵە پێوەرێکی دیاریکراوی خودی، تاک لێکدانەوە بۆ بژاردەکان دەکات و پاشان ڕەفتارەکەی ئەنجام دەدات (Douglas & Martin, 2014; Icellioglu & Ozden, 2012).

لە پرۆسەی بڕیاردان زۆر گرنگە تاکەکان بە باشی لە بژاردەکان وردببنەوە، سود و زیانی بژاردەکان شیبکەنەوە و پاشان بڕیار بدەن (Crone et al., 2008; Van Leijenhorst et al., 2008). ئەم هەڵسەنگاندنە هاوکاری تاکەکان دەکات بۆئەوەی لە سەرکێشیکردن دووربکەونەوە، چونکە هەر کاتێک تاک بڕیاری سەرکێشانەیدا، ئەوا سەرکێشیکردن وەک ڕەفتار بەدوای خۆیدا دێنێت (Boyer, 2006; Figner et al., 2009; Galvan et al., 2006). بەڵام هەموو خەڵکی لە پرۆسەی بڕیارداندا وەک یەک نین و جیاوازی لە نێوانیاندا هەیە. بۆیە داهلباک چەند دەیەیەک لەمەوپێش پرسیویەتی کە ئایا مەیلی ئەنجامدانی سەرکێشی لای هەموو تاکەکان وەک یەکە یان جیاوازی لە نێوان خەڵکیدا هەیە؟ (Dahlbäck, 1990).

لەناو هەموو فاکتەرەکانی دەرونزانیدا، کەسایەتی بۆی هەیە گرینگترین ڕۆڵیان لەسەر ڕەفتاری تاکەکان هەبێت (Nicholson et al., 2005). لە توێژینەوەکاندا ئاماژە بە سیماکانی کەسایەتی و پەیوەندییان بە تێڕوانین و درککردنی تاکەکان سەبارەت بە مەترسی و سەرکێشییەکان کراوە، بەڵام لەبەرئەوەی سیماکان ژمارەیان زۆرە، ئەو کاریگەرییە لە سیمایەکەوە بۆ یەکێکی دیکە گۆڕانکاری بەسەردا دێت (Figner & Weber, 2015; Lee &

(Tseng, 2015. لە ناو هەموو سیما نەخوازراوەکانی کەسایەتیدا، توێژەران زیاتر گرینگیان بە سێگۆشە تاریکەکان داوە، کە هەریەک لە ماکیاڤیلیزم، خودشەیدایی و سایکۆپاتی لەخۆ

دەگرێت (Paulhus & Williams, 2002). هەرچەندە ئەو سیمایانە چوارچێوەیەکی بیردۆزی جیاوازیان هەیە، بەڵام لە هەندێک ڕووەوە لێکنزیکی لە نێوانیاندا هەیە. بۆ نمونە تایبەتمەندیی تەفرەدان و دڵڕەقی تایبەتمەندیی هاوبەشی هەرسێ گۆشەکەن (Jones, 2013). سایکۆپاتەکان کەسانێکن ڕەفتاری دژە کۆمەڵگایان هەیە، سەرەڕۆن و هاودڵیان بەرانبەر بە خەڵکانی دیکە زۆر کەمە (Paulhus & Williams, 2002). ماکیاڤیلیەکان کەسانی خۆپەرستن، کاری لەپێشینەیان بەدەستهێنانی هێزە، ئارەزوی کێبڕکێ دەکەن و کەمتر گرینگی بە بنیادنانی کۆمەڵگە و خێزان دەدەن (Jones & Paulhus, 2009). هەروەها لە سیمای خودشەیداییدا کۆمەڵە تایبەتمەندییەکی وەک هەستکردن بە گەورەیی و خۆبەشایستەزانی تیایاندا هەیە (Morf & Rhodewalt, 2001).

سایکۆپاتەکان کۆمەڵێک تایبەتمەندیی جیاوازیان هەیە، کە ئەو تایبەتمەندییانە وایانکردوە پەنا بۆ سەرکێشیکردن ببەن (Malesza & Ostaszewski, 2016b). ئەو کەسانەی ئاستێکی بەرزی سایکۆپاتییان هەیە ئامادەن سەرکێشی بۆ بەدەستهێنانی قازانجێکی کەم ئەنجام بدەن (Jones, 2013). کەسانی سایکۆپات شێوازێکی ژیانی نارێکخراویان هەیە (Hare, 1999) و ناتوانن بە ئاسانی بەسەر حەز و خولیاکانیاندا زاڵ بین، کە ئەمەش پاڵنەری ئەنجامدانی سەرکێشییە (Harpur et al., 1988; Stanwix & Walker, 2021). سیاکۆپاتەکان زیاتر پەنا بۆ ئەنجامدانی ڕەفتارە مەترسیکارییە نەشیاوەکان دەبەن (Hare & Neumann, 2009)، کە ئەمانیش یەک جۆر ڕەفتار نین (Swerdlow et al., 2020)، هەندێک لەو ڕەفتارانە هەم دەچنە خانەی سەرکێشییەوە، هەم یارمەتیدەرە بۆ ئەنجامدانی سەرکێشی دیکە (Hare & Neumann, 2009).

سەبارەت بە سیمای خودشەیدایی، بەپێی ئەنجامی توێژینەوەکان دەرکەوتووە، کە ئەو کەسانەی خودشەیداییان لە ئاستێکی بەرزدایە، بەدەرنین لە سەرکێشیکردن (Campbell et al., 2004). هۆکاری سەرکێشیکردن لای خودشەیداکان بۆ سەرەڕۆیی دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەم سەرەڕۆییە لە ئەنجامی زۆر متمانەبەخۆبوونەوە دروست بووە (Paulhus et al., 2003).

واتە جیاوازە لەو سەرەڕۆییەی لای سایکۆپاتەکان هەیە، کە هۆکارەکەی بۆ نەتوانین لە کۆنترۆڵکردنی خود دەگەڕێتەوە (Jones & Paulhus, 2011). زۆر متمانە بەخۆبوون و گەشبینی ناواقعیی کەسانی خودشەیدا، وادەکات بەردەوامی بە سەرکێشیکردن بدەن، و تەنانەت چەندبارەشی بکەنەوە (Paulhus & Williams, 2002). بەڵام سەبارەت بە ماکیاڤیلیەکان، توێژینەوەکان ئەوەیان دوپاتکردۆتەوە، کە پەیوەندی بە سەرەڕۆیی (Crysel et al., 2013; Jones & Paulhus, 2011)، ڕەفتاری توندوتیژی (Jones & Paulhus, 2010) و قومارکردنەوە نیە (Jones & Paulhus, 2009). نەبوونی پەیوەندی لە نێوان ماکیاڤیلیزم و سەرکێشیکردن لەوانەیە بۆ سروشت و تایبەتمەندیی ماکیاڤیلیەکان بگەڕێتەوە (Jones, 2013).

سەرەڕۆیی یەکێکە لە سیماکانی کەسایەتی، کە بریتییە لە ئەنجامدانی ڕەفتاری زارەکی و کرداری بەبێ بیرکردنەوەیەکی دروست (Eysenck et al., 1984). لە سەرەڕۆییدا وەڵامدانەوەی ڕەفتاری و هزری و دەرونی هەیە (Barratt, 1983). لەبارەی کاریگەرییەکانی سیمای سەرەڕۆیی لەسەر ڕەفتار، بەپێی توێژینەوەکان دەرکەوتووە، کە سەرەڕۆکان زیاتر ڕەفتاری نەشیاو ئەنجام دەدەن (Jones & Paulhus, 2011). سەرەڕۆیی پاڵنەری سەرکێشییە و کاریگەری لەسەر لایەنی هزری مرۆڤ دروست دەکات، هەر لەبەر ئەمەشە سەرەڕۆیەکان زیاتر بڕیاری سەرکێشانە دەدەن (Jardin et al., 2017; Zermatten et al., 2005).

لەو کاتەوەی، کە چەمکی چێژخوازی گەشەی کردوە سەرنجی زۆر لە دەرونزانانی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە (Arnett, 1994). چێژخوازی سیمایەکی فرەچەشنە و لە چوار فاکتەر پێکهاتووە: (١) خۆشی و سەرکێشی خوازی thrill and Adventure Seeking، (٢) ئەزمون خوازی experience seeking، (٣) بەرپێنەگرتن disinhibition (٤) زوو بێزاربوون boredom susceptibility. چێژخوازی پاڵنەری چەندین ڕەفتاری جیاوازە، چێژخوازەکان بەبێ گوێدانە جۆری وروژێنەرەکە، هەمیشە پەسەندی نوێگەری دەکەن (Zuckerman, 2009). ئەو کەسانەی نمرەیەکی بەرزی چێژخوازیان هەیە، ئارەزوی ئەزمونکردنی ئەو شتانە دەکەن، کە سەرکێشیان تێدایە (Horvath & Zuckerman, 1993)، لەوانە سەرکێشیکردن لە کاتی

شۆفێرکردن (Jonah, 1997)، قومارکردن (Breen & Zuckerman, 1999)، بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان، جگەرەکێشان و خواردنەوەی کهول (Zuckerman, 2007).

زۆر کەمن ئەو توێژینەوانەی کاریان لەسەر پەیوەندی نێوان فاکتەرەکانی کەسایەتی و بڕیاردانی سەرکێشانە لە ناو هەرزەکاراندا کردووە، بە تایبەت لە ناو کۆمەڵگای کوردیدا. لەم توێژینەوەیەدا، توێژەر چەند ئامانجێکی هەیە، کە لە خوارەوەدا خراونەتەڕوو.

١. تێگەیشتن لەوەی، تا چ ڕادەیەک سێگۆشە تاریکەکان، سەرەڕۆیی و چێژخوازی بەشدارن لە بڕیاردانی سەرکێشانە؟
٢. زانینی ئەوەی، تا چەند سەرەڕۆیی و چێژخوازی گۆڕاوی نێوەنجین لە پەیوەندی نێوان سێگۆشە تاریکەکان و بڕیارادانی سەرکێشانە؟
٣. دەرخستنی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان کوڕان و کچان لە ڕووی فاکتەرەکانی کەسایەتی.

## ٢. ڕێبازی توێژینەوە

### ٢.١ بەشداربووانی توێژینەوە

بەشداربووانی ئەم توێژینەوەیە بریتین لە ١٦٣ قوتابی کوڕ و کچی هەرزەکار، کە خۆبەخشانە ڕەزامەندییان بۆ بەشداریکردن لەم توێژینەوەیە دەربڕیوە. ڕێبازی هەڵبژاردنی نمونەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە نمونە وەرگرتنی لەبار، کە نمونە وەرگرتنێکی ناهەرەمەکییە لەو ڕێگەوە توێژەر دەرفەتی بۆ بەشداربووان ڕەخساندوە بۆئەوەی بەشداری توێژینەوەکە بکەن. بەشداربووانی ئەم توێژینەوەیە پێکهاتبوون لە کوڕان (٧٥، ٤٦ %) و کچان (٨٨، ٥٤ %) کە تەمەنیان لە نێوان ١٤ بۆ ١٨ ($M_{age}$= 15.96, $SD_{age}$ = 1.47) ساڵ بوو. ژمارەی بەشداروان بەپێی تەمەنیان بەم شێوەیە بوو: ١٤ ساڵی ٣٧ قوتابی، ١٥ ساڵی ٣٣ قوتابی، ١٦ ساڵی ٢٥ قوتابی، ١٧ ساڵی ٣٤ قوتابی، و ١٨ ساڵی ٣٤ قوتابی.

### ٢.٢ پێوانەکان

#### ٢. ٢. ١. پێوانەی بڕیاردانی سەرکێشانە

بۆ پێوانەکردنی بڕیاردانی سەرکێشانە، پێوانەی ئەرکە پێوانەییە مەترسیکارەکانی باڵۆن (BART) بەکارهێنراوە (Lejuez et al., 2002)، کە لە ڕێگای پرۆگرامێکی داڕێژراوی تایبەتی

کۆمپیوتەری لەسەر بەشداربووان جێبەجێ دەکرێت. لەم پێوانەیەدا بەشداربووەکان دەخرێنە بەردەم شاشەیەکی کۆمپیوتەر، دواتر پرۆگرامەکەیان بۆ چالاک دەکرێت و دەستبەجێ لەسەر شاشەکە باڵۆنێک دەردەکەوێت. پاشان داوا لە بەشداربوو دەکرێت لە ڕێگای کلیککردنەوە هەوا لە باڵۆنەکە بکات. لەگەڵ هەر فوکردنێکی بە باڵۆنەکەدا، بەشداربوو وەک پاداشت پێنج سەنت وەردەگرێ، بەڵام ئەگەر باڵۆنەکە بەهۆی زۆر تێکردنی هەواوە بتەقێت، پاداشتەکەی سفر دەبێتەوە. ئەم وەشانەی BART کە لەم توێژینەوەیە بەکارهاتووە لە ٣٠ هەوڵدان پێکهاتووە.

### ٢. ٢. ٢. پێوانەی سێگۆشە تاریکەکانی کەسایەتی

بۆ پێوانەکردنی سیما تاریکەکان کە پێکهاتوون لە ماکیاڤیلیزم، خودشەیدایی و سایکۆپاتی، پێوانەی کورتکراوەی سێگۆشەی تاریک (The Short Dark Triad (SD3 بەکارهێنراوە. پێوانەی SD3 لە ٢٧ برگە پێکهاتووە، کە لە بەرانبەر هەر برگەیەکدا ٥ بژاردە بۆ وەڵامدانەوە هەیە، کە بە هەرگیز لەگەڵیدا نیم (١) دەست پێ دەکات و بە هەمیشە لەگەڵیدام (٥) کۆتایی دێت (Jones & Paulhus, 2013). بەڵام هەندێک برگە، بە پێچەوانەوە مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە. ئەم پێوانەیە لە ڕووی ڕاستەکییەوە پێوانەیەکی گونجاوە بۆ پێوانەکردنی سیما تاریکەکان، ئەمەش لەبەرئەوەی ڕاستەکی جیاکراوە و بونیاتی بۆ دۆزراوەتەوە (Ashton-James & Levordashka, 2013; Jones & Paulhus, 2013). نمونەیەک لە برگەکان؛ ماکیاڤیلیزم "باسکردنی نهێنیەکانت کارێکی ژیرانە نییە"، خودشەیدایی "خۆم بە کەسانی بەناوبانگ بەراورد دەکەم"، سایکۆپاتی "حەزم لە تۆڵەکردنەوەیە". وەشانە ئینگلیزییەکەی ئەم پێوانەیە دڵنیایی ناوەوەی لە نێوان ٠.٧٣ بۆ ٠.٧٨ دایە. سەبارەت بە وەشانی کوردی ئەم پێوانەیە، دوای ئەوەی وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی، پاشان وەرگێڕانی لە کوردییەوە بۆ زمانی ئینگلیزی بۆ کراوەتەوە، پاشان دڵنیایی ناوەوەی بە کرۆنباخ ئەلفا بۆ دەرهێنراوە، کە بەم شێوەیە بوو، خودشەیدایی ٠.٧١، ماکیاڤیلیزم ٠.٧٥، سایکۆپاتی ٠.٧٧، بە ناوەندی ژمێرەیی ٠.٧٤.

### 3. ٢. ٢. پێوانەی سەرەڕۆیی و چێژخوازی

لەم توێژینەوەیەدا پێوانەی سەرەڕۆیی و چێژخوازی Impulsivity and Sensation-Seeking (ImpSS)، کە لە ١٩ برگە پێکهاتووە، بەکارهێنراوە (Zuckerman et al., 1993). وەڵامی برگەکانی ئەم پێوانەیە دوانەیین، کە بریتین لە بەڵێ (٠) و نەخێر (١). لەو کاتەوەی، کە

سیمای سەرەڕۆیی و چێژخوازی وەک دوو بابەتی جیاواز مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، ئەم پێوانەیە بۆ پێوانەکردنی ئەم دوو بابەتە بە شێوەیەکی سەربەخۆ بەکارهێنراوە (Cross et al., 2011). ژمارەی بڕگەکانی پێوانەی سەرەڕۆیی لە ٧ بڕگە پێکهاتووە "من کەسێکی سەرەڕۆم"، و ژمارەی بڕگەکانی پێوانەی چێژخوازی لە ١٢ بڕگە پێکهاتوون "ئەگەر هەر بۆ خۆشیش بێت، ئەوا هەندێک جار کاری سەرشێتانە ئەنجام دەدەم". دڵنیایی ناوەوەی ئەم پێوانەیە بە کرۆنباخ ئەلفا بریتی بووە لە 0.83، کە بۆ پێوانەی سەرەڕۆیی بریتی بوو لە 0.74، بۆ چێژخوازی بریتی بووە لە 0.75 (Fernández-Artamendi et al., 2016). سەبارەت بە ڕاستەکی ئەم پێوانەیە، توێژەران ئاماژەیان بە ڕاستەکی پێشبینی و ڕاستەکی لێکنزیکی بۆ پێوانەی سەرەڕۆیی و چێژخوازی کردوە (Fernández-Artamendi et al., 2016). سەبارەت بە وەشانی کوردی ئەم پێوانەیە، دوای ئەوەی وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی، پاشان وەرگێڕانی لە کوردییەوە بۆ زمانی ئینگلیزی بۆ کراوە، بە ڕێگەی کرۆنباخ ئەلفا دڵنیایی ناوەوەی بۆ دەرهێنراوە، کە بەم شێوەیە بووە: سەرەڕۆیی ٠.٧٩، بۆ چێژخوازی ٠.٧٦.

**٢. ٣. ڕێوشێوێن و ئاکاری توێژینەوە**

بە مەبەستی پەسندکردنی ئەم توێژینەوەیە بۆ ئەوەی لەسەر مرۆڤ ئەنجام بدرێت، ناونیشان و چۆنیەتی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە خرایە بەردەم ئەندامانی لیژنەی پێداچوونەوەی ئیتیکی و ناونیشانەکە چەسپێندرا. دوای بەدەستهێنانی ڕەزامەندی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە، دەست بە هەنگاوەکانی کۆکردنەوەی داتاوەکان کرا. کۆمەڵێک قوتابی هەرزەکار ئامادەیی خۆیان بۆ بەشداریکردن لەم توێژینەوەیە دەربڕی. بەشداربووەکان بەرلەوەی وەڵامی پرسیارنامەکە بدەنەوە و بەشداری لە تاقیکردنەوەکە بکەن، سەرەتا فۆڕمی مۆڵەتی بەشداریکردنیان خرایە بەردەست، ئەمەش بۆ ئەوەی ڕەزامەندی لەسەر بەشداریکردنی ئەم توێژینەوە دەرببڕن. دوای ئەوەی بەشداربووەکان ڕەزامەندییان نیشاندا، پێوانەی پێوانەکردنی سیما تاریکەکان، سەرەڕۆیی و چێژخوازی خرایە بەردەستیان. پاشان لەبەردەم شاشەیەکی کۆمپیوتەردا لە ژورێکی ئامادەکراو و تایبەت دانران و ڕێنمایی پێویستیان سەبارەت بە چۆنیەتی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکە پێدرا و پاشان تاقیکردنەوەکەیان لەسەر شاشەی کۆمپیوتەر بۆ چالاک کرا.

**٢. ٤. شیکردنەوەی داتاوەکان**

لەم توێژینەوەیەدا چەند یاسایەکی ئاماری بۆ شیکردنەوەی دراوەکان بەکارهێنراوە. لەبەرئەوەی دراوەکان پارامێتریک بوون، ئەو یاسا ئامارییانە بەکارهێنراون کە گونجاون لەگەڵ ئەو جۆرە دراوەدا. هاوکۆلکەی ئاماری پیێرسن Pearson بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی لە نێوان گۆڕاوەکان بەکارهاتووە. یاسای ئاماری تیتێست بۆ دوو قەبارە Independent samples t.test بۆ دۆزینەوەی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لەسەر ئاستی دوو گۆڕاو، کە بریتی بوون لە گۆڕاوی ڕەگەز، بەکارهێنراوە. هەروەها بۆ ئەوەی بزانین، کە گۆڕاوی سەربەخۆ تا چەند پێشبینی گۆڕاوی پاشکۆ دەکات، ئامرازی ئاماری ڕێگرێشن Regression و هەروەها بۆ دۆزینەوەی گۆڕاوی نێوەنجی ماکرۆ پرۆسێس PROCESS macro بەکارهێنراوە. لەگەڵ ئەمانەشدا، ئامرازی ئاماری MNOVA بۆ دۆزینەوەی کاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆ لەسەر زیاتر لە گۆڕاوێکی پاشکۆ، بەکارهێنراوە.

**٣. ئەنجامەکان**

دوای جێبەجێکردنی چەند ئامرازێکی ئاماری و شیکاری دراوەکان، توێژەر گەیشتە چەند ئەنجامێک. لە سەرەتادا ئەوە دەرکەوت، کە داتاکان بۆ هەموو گۆڕاوەکانی ئەم توێژینەوەیە لە جۆری پارامێتریکن و بە شێوەیەکی ئاسایی دابەشکراون (خشتەی ١).

خشتەی ١: خستەڕووی نۆرماڵیتی بۆ گۆڕاوەکانی توێژینەوە.

| گۆڕاوەکان | Kurtosis | | Skewness | |
|---|---|---|---|---|
| | Std. Error | Statistic | Std. Error | Statistic |
| ماکیاڤیلیزم | 0.378 | -1.105 | 0.190 | -0.072 |
| خودشەیدایی | 0.378 | -1.340 | 0.190 | 0.060 |
| سایکۆپاتی | 0.378 | -1.091 | 0.190 | 0.174 |
| سەرەڕۆیی | 0.378 | -1.077 | 0.190 | -0.022 |
| چێژخوازی | 0.378 | -1.186 | 0.190 | 0.067 |
| بڕیاردانی سەرکێشانە | 0.378 | -0.927 | 0.190 | -0.361 |

لە ئەنجامێکی دیکەدا دەرکەوت، کە ناوەندی ژمێرەیی کوڕان و کچان لە ڕووی سیما تاریکەکان، سەرەڕۆیی، چێژخوازی و بڕیاردانی سەرکێشانە وەک یەک نییە، بەڵکو جیاوازی بەڵگەداری لە نێوانیاندا هەیە (خشتەی ٢). سەبارەت بە بڕیاردانی سەرکێشانە، کوڕان و کچان وەکیەک نین، بە جۆرێک کوڕان ($M = 48.320$, $SD = 12.634$) زیاتر لە کچان ($M = 38.704$, $SD = 15.549$) بڕیاردانی سەرکێشانەیان هەبووە ($t\ (161) = 4.284$, $p < 0.001$). بەهان شێوە، کوڕان ($M = 26.426$, $SD = 6.574$) زیاتر لە کچان ($M = 8.598$, $SD = 20.454$) ماکیاڤیلیزم تیایاندا ڕەنگی داوەتەوە ($t = 4.913$, $p < 0.001$). هەروەها لە ڕووی خودشەیداییەوە، کوڕان ($M = 24.466$, $SD = 7.536$) نمرەیەکی بەرزتریان لە کچان ($M = 16.954$, $SD = 7.469$) هەبووە ($t\ (161) = 6.373$, $p < 0.001$). بەهەمان شێوەی پێشووتر، بەپێی ئەنجامەکان کوڕان ($M = 24.493$, $SD = 7.371$) نمرەیەکی بەرزتریان لە کچان ($M = 16.875$, $SD = 7.315$) لە ڕووی سیمای سایکۆپاتی هەبووە، کە ئەم جیاوازییە بەڵگەداری ئاماری بووە ($t\ (161) = 6.604$, $p < 0.001$). هەروەها کوڕان ($M = 4.106$, $SD = 2.030$) نمرەی سیمای سەرەڕۆییان لە کچان ($M = 3.170$, $SD = 2.035$) زیاتربووە ($t\ (161) = 2.93$, $p < 0.01$). بەپێی ئەنجامەکان، سیمای چێژخوازی لای کوڕان ($M = 6.506$, $SD = 3.024$) بەرزتربووە بە بەراورد لەگەڵ کچان ($M = 5.250$, $SD = 2.837$)، ئەم جیاوازیە لەڕووی ئامارییەوە بەڵگەدارە ($t\ (161) = 2.734$, $p < 0.01$).

سەبارەت بە شیاویی گۆڕاوە سەربەخۆکان بۆ پێشبینیکردنی گۆڕاوی پاشکۆ، تەنها ماکیاڤیلیزم بۆ پێشبینیکردنی بڕیاردانی سەرکێشانە گونجاو نەبوو ($F\ (163) = 2.26$, $p = 0.135$) بەڵام هەریەک لە خودشەیدایی ($F\ (163) = 8.25$, $p < 0.01$)، سایکۆپاتی ($F\ (163) = 6.39$, $p < 0.01$)، سەرەڕۆیی ($F\ (163) = 6.67$, $p < 0.05$) و چێژخوازی ($F\ (163) = 4.70$, $p < 0.05$) گونجاوبوونە بۆ ئەوەی ببنە گۆڕاوی پێشبینیکار. سەبارەت بە پێشبینیکردنی سێگۆشە تاریکەکان بۆ بڕیاردانی سەرکێشانە، ئەوە دەرکەوتووە، کە سایکۆپاتی ($\beta = 0.186$, 95 % CI (0.040, 0.331), $p > 0.05$)، خودشەیدایی ($\beta = 0.219$, 95 % CI (0.068, 0.369), $p > 0.01$)، سەرەڕۆیی ($\beta = 0.208$, 95 % CI (0.040, 0.367), $p > 0.05$)،

چێژخوازی $\beta = 0.172$, %95 CI (0.015, 0.329), $p > 0.05$ پێشبینی بڕیاردانی سەرکێشانەیان کردوە.

خشتەی ٢: رونكردنەوەی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز.

| % 95 CI | | Effect size (*d*) | % 95 CI | | MD | *p* - value | *t* | *M (SD)* | | گۆڕاوەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| Upper | Lower | | Upper | Lower | | | | کچ | کوڕ | |
| 0.998 | 0.345 | 0.678 | 14.048 | 5.182 | 9.615 | < 0.001 | 4.284 | 38.704 (15.549) | 48.320(12.634) | بڕیاردانی سەرکێشانە |
| 1.102 | 0.438 | 0.780 | 8.372 | 3.571 | 5.972 | < 0.001 | 4.913 | 20.454 (8.598) | 26.426 (6.574) | ماکیاڤیلیزم |
| 1.347 | 0.651 | 1.001 | 9.839 | 5.184 | 7.512 | < 0.001 | 6.373 | 16.954 (7.469) | 24.466 (7.536) | خودشەیدایی |
| 1.385 | 0.685 | 1.037 | 9.896 | 5.340 | 7.618 | < 0.001 | 6.604 | 16.875 (7.315) | 24.493 (7.371) | سایکۆپاتی |
| 0.776 | 0.142 | 0.460 | 1.567 | 0.305 | 0.936 | < 0.01 | 2.930 | 3.170 (2.035) | 4.106 (2.030) | سەرەڕۆیی |
| 0.744 | 0.113 | 0.113 | 2.164 | 0.348 | 1.256 | < 0.01 | 2.734 | 5.250 (2.837) | 6.506 (3.024) | چێژخوازی |

خشتەی ٣. شیکاری ڕیگرێشن بۆ زانینی پێشبینیکردنی سیماکانی کەسایەتی بۆ بڕیاردانی سەرکێشانە.

| $sr^2$ | 95% CI | | | | | 95% CI | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | Upper | Lower | β | *p* | *t* | Upper | Lower | *SE* | B | گۆڕاوەکان |
| −0.118 | 0.033 | −0.246 | −0.106 | 0.135 | −1.489 | 0.0608 | −0.4478 | 0.129 | −0.193 | ماکیاڤیلیزم |
| 0.223 | 0.369 | 0.068 | 0.219 | < 0.01 | 2.861 | 0.6644 | 0.1229 | 0.137 | 0.394 | خودشەیدایی |
| 0.195 | 0.331 | 0.040 | 0.186 | < 0.05 | 2.486 | 0.6036 | 0.074 | 0.134 | 0.339 | سایکۆپاتی |
| 0.201 | 0.367 | 0.040 | 0.208 | < 0.05 | 2.569 | 2.6542 | 0.354 | 0.582 | 1.504 | سەرەڕۆیی |
| 0.171 | 0.329 | 0.015 | 0.172 | < 0.05 | 2.166 | 1.6591 | 0.0768 | 0.401 | 0.868 | چێژخوازی |

لە ئەنجامێکی دیکەدا ئەوە دەرکەوت، کە سایکۆپاتی کاریگەری بەڵگەداری لەسەر سەرەڕۆیی و چێژخوازی هەیە $\Theta$ = 0.414, $F$ (29,133) = 1.90, $p$ < 0.01, $\eta_p^2$ 0.817 کە ڕێژەی کاریگەری سایکۆپاتی لەسەر سەرەڕۆیی بریتی بووە لە ٢٨.١ %، بۆ چێژخوازی بریتی بووە لە ٢٦.٣ %. بە هەمان شێوە ئەوە دەرکەوتوە، کە خودشەیدایی کاریگەری لەسەر سەرەڕۆیی و چێژخوازی هەیە $\Theta$ = 0.394, $F$ (28,134) = 1.88, $p$ < 0.01, $\eta_p^2$ = 0.819، کە ڕێژەی بەشداری خودشەیدایی لەسەر سەرەڕۆیی بریتی بووە لە ٢٦.٣ %، لەسەر چێژخوازی بریتی بووە لە ٢٣.٧ %. هەروەها ئەنجامەکان ئەویان دەرخست، کە ماکیاڤیلیزم کاریگەری لەسەر سەررۆیی و چێژخوازی بە شێوەیەکی بەڵگەداری ئاماری نیە، $\Theta$ = 0.366, $F$ (58,262) = 1.67, $p$ > 0.05.

پاش دەرکەوتنی کاریگەی سایکۆپاتی و خودشەیدایی لەسەر سەرەڕۆیی و چێژخوازی، شیکاری نێوەنجی بۆ سەرەڕۆیی و چێژخوازی ئەنجامدرا (خشتەی ٤). بەپێی ئەنجامەکان سیاکۆپاتی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ $b$ = 0.451, $p$ < 0.001 و ناڕاستەوخۆ $b$ = 0.141, 95 % CI (0.036, 0.271) لە ڕێگەی سەرەڕۆییەوە کاریگەری لەسەر بڕیاردانی سەرکێشانە هەیە. سایکۆپاتی و سەرەڕۆیی بە ڕێژەی ٢١.٨ % کاریگەرییان لەسەر بڕیاری سەرکیشانە هەبووە. هەروەها لە ئەنجامێکی دیکەدا ئەوە دەرکەوت، کە خودشەیدایی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ $b$ = 0.503, $p$ < 0.001 و ناڕاستەوخۆ $b$ = 0.200, 95 % CI (0.075, 0.350 لە ڕێگەی سەرەڕۆییەوە کاریگەری لەسەر بڕیاردانی سەرکێشانە هەیە، کە کاریگەری ئەو دوو گۆڕاوە لەسەر بڕیاردانی سەرکێشانە ڕێژەی ٢٢.١ % بووە. لە ئەنجامێکی دیکەدا، سایکۆپاتی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە ڕێگای چێژخوازی $b$ = 0.125, 95 % CI (0.036, 0.243) کاریگەری لەسەر بڕیاردانی سەرکێشانە هەبووە. سایکۆپات و چێژخوازی بەیەکەوە بە ڕێژەی ١٨.٤٪ بەشدارن لە بڕیاردانی سەرکێشانە، هەروەها ئەنجامەکان بۆ خودشەیدایی هەر بەهەمان شێوە بووە، کە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و $b$ = 0.130, 95% CI (0.038, 0.256) ڕاستەوخۆ $b$ = 0.574, $p$ < 0.001 کاریگەری لەسەر بڕیاردانی سەرکێشانە لە ڕێگای چێژخوازییەوە هەبووە، کە بە یەکەوە بە ڕێژەی ٢١.٧٪ کاریگەرییان لەسەر بڕیاردانی سەرکێشانە هەیە

## 4. گفتوگۆ

ئامانج لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە بریتی بوو لە تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان سیما تاریکەکان، سەرەڕۆیی و چێژخوازی لەسەر بڕیاردانی سەرکێشانە لای نمونەیەک لە هەرزەکاران. لە یەکێک لە ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە دەرکەوتووە، کە کوڕان زیاتر لە کچان سیما تاریکەکانیان تێدا ڕەنگیداوەتەوە، ئەم جیاوازییەش بەڵگەداری ئاماری بووە. ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە هاوڕای توێژینەوەکانی دیکەیە (Guay et al., 2018; Jonason & Davis, 2018; Wynn et al., 2012). لەبەر درککردن بە هەبووی جیاوازی لە نێوان کوڕان و کچان لە ڕووی سیمای سایکۆپاتییەوە، توێژەران نمرەی پارچەکردنی جیاوازییان بۆ کوڕان و کچان لەسەر پێوانەی PCL-R پێشنیازکردووە (de Vogel & Lancel, 2016). هەروەها سەبارەت بە خودشەیدایی و ماکیاڤیلیزم، ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە هاوڕای ئەنجامی توێژینەوەکانی دیکەیە (Foster et al., 2003; Grijalva et al., 2015; Jonason & Davis, 2018; Zhu et al., 2021).

بەپێی ئەنجامەکان ئەوە دەرکەوتووە، کە سایکۆپاتی پەیوەندی ئەرێنی لەگەڵ بڕیاردانی سەرکێشانە هەبووە. وەک توێژەران ئاماژەیان پێکردوە، سایکۆپاتی پەیوەندی بە چەندین جۆری جیاواز لە سەرکێشییەوە هەیە، بۆ نمونە، سەرکێشی کۆمەڵایەتی، ئاکاری و پارەوپول. هۆکاری بڕیاردانی سەرکێشانەی سیاکۆپاتەکان پەیوەندی بە کێشەی درککردنی مەترسییەکانەوە هەیە (Hosker-Field et al., 2016). لە یەکێک لە توێژینەوەکاندا، کەسانی سایکۆپات لەسەر تاسکێکی کرداری، بڕیاری سەرکێشانەیان زیاتربووە لەو کەسانەی کە سایکۆپات نەبوونە (Blair et al., 2001). بەپێی توێژینەوەکان فاکتەری بایۆلۆژی ڕۆڵی لە بڕیارداندا هەیە، بە تایبەت توێکڵی پێشەوەی پێشەسەر(Wallis, 2007)، کە نارێکی لە کارکردنی دەمارە خانەکانی ئەو توێکڵەی سایکۆپاتەکان بەدیکراوە (Gao et al., 2009). تەنانەت سایکۆپاتەکان توانای فێربوونیان زۆر کەمە (Blair, 2008)، ئەمەش لەوانەیە هۆکارێکی تری پشت ئەنجامدانی سەرکێشی بێت. چونکە ئەوانەی سەرکێشی دوبارە دەکەنەوە، مانای ئەوەیە، کە کێشەی فێربوونیان هەیە.

ئەنجامێکی دیکەی ئەم توێژینەوەیە بریتی بووە لە دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان خودشەیدایی و بڕیاردانی سەرکێشانە. ئەم پەیوەندییە لە توێژینەوەی دیکەشدا دۆزراوەتەوە، هەم بە بەکارهێنانی ئەرکی ڕەفتاری (Crysel et al., 2013)، هەم بە بەکارهێنانی ڕاپۆرتی خودی (Malesza & Ostaszewski, 2016a). پەیوەندی خودشەیدایی و بڕیاردانی سەرکێشانە چەندین ڕوکاری جیاواز دەگرێتەوە وەک سەرکێشی کۆمەڵایەتی، تەندروستی، ئاکاری و پارەوپول (Stanwix & Walker, 2021). کێشەی خودشەیداکان ئەوەیە کاتێک لە نێوان چەند بژاردەیەکدان، بە باشی ناتوانن سود و زیانەکان لە یەکتری جیابکەنەوە و کەمتر درک بە مەترسیەکان دەکەن (Foster et al., 2009). هەروەک پاوڵهس و هاوڕێکانی ئاماژەیان پێکردوە، کە ئەو زۆر متمانە بەخۆبوونەی خودشەیداکان هەیانە، هۆکاری ئەو ڕەفتارە سەرەڕۆیانەیە کە ئەنجامی دەدەن (Paulhus et al., 2003).

لە ئەنجامێکی دیکەی ئەم توێژینەوەیەدا، دەرکەوتووە، کە سیمای چێژخوازی پەیوەندی ئەرێنی لەگەڵ بڕیاردانی سەرکێشانە هەبووە. ئەم ئەنجامە هاوڕای ئەنجامی توێژینەوەکانی ترە، کە پەیوەندییان لە نێوان چێژخوازی و بڕیاردانی سەرکێشانە دۆزیوەتەوە (Crysel et al., 2013; Rosenbloom, 2003). لە پێداچوونەوەیەکی جۆری مێتادا، توێژەران جارێکی دیکە ئەوەیان دووپات کردۆتەوە، کە چێژخوازی پەیوەندی لەگەڵ ئەرکە پێوانەییە مەترسیکارەکانی باڵۆن هەبووە (Vize et al., 2018). بەپێی توێژینەوەکان، چێژخوازی پەیوەندی بە سەرکێشی سێکسیەوە هەیە (Charnigo et al., 2013; Donohew et al., 2000; Paat et al., 2020). لە چەند توێژینەوەیەکی تردا توێژەران ئاماژەیان بەوە کردوە ئەوانەی چێژخوازییان بەرزە لە کاتی ئاژۆتنی ئۆتۆمبێلدا، زیاتر سەرکێشی ئەنجام دەدەن (Dahlen et al., 2005; Dahlen & White, 2006; Jonah et al., 2001). تەنانەت چێژخوازی پەیوەندی بە سەرکێشی کۆمەڵایەتی، جەستەیی، ئاکاری و پارەوپولیشەوە هەیە (Breivik et al., 2017). پەیوەندی ئەرێنی لە نێوان چێژخوازی و جگەرەکێشان، خواردنەوەی مەی و بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان و تیوەگلان لە تاوان دۆزراوەتەوە (Zuckerman, 2009). هۆکاری سەرەکی ئەنجامدانی ئەم جۆرە ڕەفتارانە بۆ هەبوونی کێشەی هەڵسەنگاندنی مەترسییەکان دەگەڕێتەوە (Horvath & Zuckerman, 1993).

لە ئەنجامێکی دیکەدا دەرکەوتووە، کە سەرەڕۆیی پەیوەندی ئەرێنی لەگەڵ بڕیاردانی سەرکێشانە هەبووە. ئەم ئەنجامە هاوتایە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکانی دیکە (Crysel et al., 2013). لە پێداچوونەوەیەکی جۆری مێتادا، دووپاتی پەیوەندی ئەرێنی لە نێوان سەرەڕۆیی و بڕیاردانی سەرکێشانە کراوەتەوە (Vize et al., 2018). زیاتر لە توێژینەوەیەک ئاماژە بە هەبوونی پەیوەندی ئەرێنی لە نێوان سەرەڕۆیی و سەرکێشیکردنی سێکسی دەکەن Risky Sexual Behaviors (Donohew et al., 2000; Jardin et al., 2017). کەسانی سەرەڕۆ لە کاتی ئەنجامدانی ڕەفتاردا درک بە مەترسییەکانی ئاکامی ڕەفتارەکانیان ناکەن (Luengo et al., 1991). کەسانی سەرەڕۆ کێشەیان لە هەڵبژاردنی بژاردەکاندا هەیە و ناتوانن خوێندنەوەیەکی باش و لۆژیکیانە بۆ بژاردەکان بکەن (Barack & Platt, 2017)، و زۆر بیر لە مەترسی ئەنجامدانی ڕەفتارەکانیان ناکەنەوە (Solomon et al., 1995).

سەبارەت بە پەیوەندی سەرەڕۆیی و سێگۆشە تاریکەکان، ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە ئەوەمان پێ دەڵێت: کە پەیوەندی لە نێوان سەرەڕۆیی و سایکۆپاتیدا هەیە، کە ئەمەش هاوتایە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکانی دیکە (Fox & Hammond, 2017; Morgan et al., 2011). هەروەها توێژینەوەکان ئاماژەیان بەوە کردوە، کە لەناو سێکۆگەشە تاریکەکاندا، بە بەراورد لەگەڵ دوو فاکتەرەکەی دیکەی سێگۆشە تاریکەکان، سایکۆپاتی پەیوەندییەکی بەهێزتری بە سەرەڕۆییەوە هەیە (Szabó & Jones, 2019). تەنانەت ئاماژە بەوە دەکرێت، کە کرۆکی سایکۆپاتی گوزراشتە لە سەرەڕۆیی (Blackburn & Coid, 1998). ڕێژەی هاوبەشی لە نێوان ئەو دوو گۆڕاوەدا دەگاتە ٧٠٪. هۆکاری ئەوەی، کە سایکۆپاتەکان سەرکێشی ئەنجام دەدەن، لەوانەیە بۆ ئەو پەیوەندییە بەهێزەی نێوان سایکۆپاتی و سەرەڕۆیی بگەڕێتەوە (Fox & Hammond, 2017).

لەبارەی پەیوەندی سیمای خودشەیدایی و سەرەڕۆیی، لەم توێژینەوەیەدا پەیوەندی ئەرێنی لە نێوانیاندا دۆزراوەتەوە، ئەم ئەنجامە هاوتایە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکانی دیکەی ئەو بوارە. لە توێژینەوەیەکی جۆری مێتادا، دەرکەوتووە، کە خودشەیدایی و سەرەڕۆیی پەیوەندی ئەرێنی لە نێوانیاندا هەیە (Vazire & Funder, 2006). هەروەها لە توێژینەوەیەکی مەیدانیدا جارێکی دیکە، ئەنجامەکان دووپاتکراونەتەوە (Malesza & Ostaszewski, 2016a). سەبارەت بە

سەرەڕۆبوونی خودشەیداکان، ئاماژە بەوە دەکرێ، کە بابەتێکی تەواو ناوەکییە و بەشێکە لە سروشتی خودشەیداکان، بە جۆرێکە، کە ناتوانن بەسەر ئەو سەرەڕۆییەیاندا زاڵبن (Vazire & Funder, 2006). هەروەک توێژەران ئاماژەیان پێکردوە، کە ئەم سەرەڕۆییەی لای خودشەیداییەکان هەیە لە ئەنجامی زۆر متمانەبەخۆبوونەوە دروستبووە (Paulhus et al., 2003).

